## وتاری ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی
## یەکێتی نیشتمانی کوردستان
## لە یادی ٣٢ ساڵەی دامەزراندنی ی ن ک و ٣١ ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان

هەموو ساڵێک (٦/١) کراوەتە ڕۆژێک وەک ساڵیادی لەدایکبوونی (ی ن ک) و سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان .

ی ن ک لەو سەردەمەدا ئەو ڕێکخراوە نیمچە بەرەییە بوو کە لە سێ ڕێکخستنی جیاواز ( کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان ، بزوتنەوە ، خەتی گشتی - پان ) پێک هاتبوو .

ی ن ک لەو قۆناغ و سەردەمەدا ئەو مەشخەڵە بوو کە لە تاریکترین شەوی نەهامەتی و لێقەوماندا توولەڕێگای شۆڕشی میللەتەکەمانی ڕووناک کردەوەو گەلی کوردی لەهەڕەشەی لەناوبردن دوورخستەوەو حزبی دەسەڵاتداری بەعسی شوڤینی لەخەوی غروری بەئاگا هێنا .

پێشمەرگەکانی ئەو سەردەمە کە پەروەردەکراوی ڕێکخستنە نهێنیەکانی شارو لادێ بوون ، گۆشکراوی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەو پێشکەوتنخوازانە بوون ، فێر کرابوون کە بەرژەوەندی میللەت و بەئەنجام گەیاندنی شۆڕشەکەیان بخەنە سەروو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیانەوە .

پێشمەرگەکانی ئەو سەردەمەی ی ن ک ، بەئاگا بوون لە دیاریکردنی دۆستەکانیان ، لە دوژمنە سەرەکی و سانەوییەکانیان ، لە قۆناغەکانی خەباتکردن و دروشمەکانی ، پێشمەرگەکانی ( ی ن ک ) لە دوورترین سنوورەوە ، بچوکترین هەڵەو کەموکوڕی ، یان (هەر کارێکی ناشایستەی نەگونجاو لەگەڵ ڕەوشتی شۆڕشگێڕانە)ی لێ دەربکەوتایە،لەسەرکردایەتییەوە پێی دەزانراو بانگهێشت دەکراو لێپرسینەوەی زۆر ووردی لەگەڵ دەکرا ، کە ئەم میکانیزمە ببووە هۆیەک کە هێزی پێشمەرگەی بەو خاوێنیە ڕاهێنا و ڕایگرت و ڕۆژ بە ڕۆژ تا دەهات بیروباوەڕی بەهێزتر دەبوو تا وای لێ هات بە تەواوی ببووە جێگای متمانەی میللەت و هەموو کات وەکو فریشتەی پاراستن و ڕزگاربوون حسابی بۆ دەکرا .

ی ن ک ، ئەو بیروباوەڕە پتەوە بوو ، بێ سڵ کردنەوە و دوای ئاشبەتاڵ بوێرانەو بێ هیچ ترس و دوودڵیەک بڕیاری هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی دا ، بە سەرەتاییترین جۆری چەک و بە کەمترین ژمارەی پێشمەرگە ، بەڵام بە بیروباوەڕێکی پۆڵایین ، بەگژ دڕندەترین سوپای ئەو سەردەمەدا چووەوە .

گەورەترین شانازی لە مێژوودا دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردایەتی ئەو سەردەمەی یەکێتی ، کە بیرۆکەو بەرنامەی مەفرەزە پارتیزانەکان و سوپای ڕزگاری کوردستان (سرک)ی داناو ئەو دوانەش دوو فاکتەری سەرەکی بوون لە سەرکەوتنی بەرنامەی (ڕاپەڕین) .

ڕاپەڕینیش ئەو جورئەت و عەقڵە پڕ تواناو کامڵەی سەرکردایەتی ئەو کاتەی یەکێتی بوو کەجەستەی دزێوی بەعس و دوژمنی گەلی کوردی بە ڕەگەوە ڕامالّی .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ی ن ک له شاخ ئەو ڕێكخراوە بوو هەموو جەستەو بیروباوەڕەكەی تازەگەری بوو ، ڕۆژانە نوێ دەبووەوە ، هەردەم عەقڵی داهێنانی لە گەشەكردندا بوو ، مەسئولەكان لەگەڵ پێشمەرگەدا هاوڕێ و هاوخەبات بوون ، لە ژیان و جلوبەرگ و تێكەڵاوبووندا هیچ جیاوازییەكیان تیا بەدی نەدەكرا .

شانازییەكی تر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خەڵكە دڵسۆزە شۆڕشگێڕە خۆڕاگرەی گوندەكانی كوردستان كە لەلایەک لانەی نهێنی كاری ڕێكخستنەكان بوو ، لەلایەكی تر شوێنی حەوانەوەو ژیانی هێزی پێشمەرگە بوو ، لە كاتی شەڕیشدا وەک هێزی بەرگری و پاڵپشت ، پشت و پەنای پێشمەرگە بوون ، جگە لەوەی لە شوێنە ترسناكەكاندا كەسی یەكەم و دەلیلی پێشەوەی پەڕینەوە هەر ئەمان بوون .

هەموو ئەو سەروەریی و شانازییانەش لەسایەی خوێنی پیرۆزی ئەو شەهیدە سەربەرزانەوە بووە كە لە سەنگەرەكانی بەرەنگاریی و ژووری تاریكی زیندانەكانی بەعسەوە خۆیان بەخت كرد .

بەڵام ئێستا :

و لە دوای ڕاپەڕینەوە بەشێكی زۆر لە بەرپرسە باڵاكان لەخۆیان گۆڕاون و بیروباوەڕە بەرزەكەی جارانیان لە شاخ بەجێ هێشت و ڕوویان كردە سەروەت و سامان و ڤیللا و قەسر و تازەترین جۆری ئۆتومبیل و كۆمپانیا و ڕابواردن ، تۆوی گەندەڵی و بەرژەوەندی شەخسییان بڵاو كردەوە ، بە جارێک هەستی خۆ بە زل و جیا زانین تیایاندا چەكەرەی كردو لە خەڵک و كەسوكاری شەهیدو پێشمەرگەكانی هاوڕێیان دابڕان ، كار گەیشتوەتە ئاستێک بەهۆی نزیک بوونەوەیان لەو پارەو سەروەتە زەبەلاحە ، بەرژەوەندی و پاراستنی یەكێتیشیان لە ئەندێشەدا نەماوەو لە ئاستێكدایە سادەترین كەس هەست بە مەترسی گەورە دەكات لەسەر دواڕۆژی ی ن ک .

لەشاخ گەورەترین گفتوگۆو ناكۆكی لەسەر پاراستنی بەرژەوەندیە سەرەكییەكانی شۆڕش و گەل بوو، بەڵام ئێستا مەسئولەكان هەڵپەیانە لەو ماوەیەی كورسی دەسەڵاتیاندا زۆرترین ئیمتیازی مادی ببچڕن بۆ خۆیان و دەوروبەریان .

بۆیە ئێمە لێرەوە وەک كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكانی ی ن ک ، ڕایدەگەیەنین كە چیتر ڕازی نابین و بێدەنگی هەڵنابژێرین ، پێویستەو ئەركی سەر شانتانە بە زووترین كات :

- بەپەیوەندیەكانی نێوان خۆتاندا بچنەوەو گیانی تەبایی و پێكەوەژیان بهێننەوە كایەو لەت لەت بوون و پارچە بوون مەهێڵن ، یەكێتی موڵكی هەموانەو بە هیلاكی و ماندوو بوونی هەموان گەیشتوتە ئەم قۆناغە .
- ئەو كەسەی لە هەمووی دڵسۆزترە ، لە هەمووی پاكترو لێوەشاوەترە پێویستە دەوری شایستەی بدرێتێ ، وە ئەوانەش كە گەندەڵ و دزو پارەخۆرن پێویستە نەک لاببرێن ، بەڵكو لێكۆڵینەوەیان لەگەڵ بكرێ .
- بەشێک لەو مووچە خەیاڵی و هەندێک لەو قەسرو ئۆتومبیل و باخ و زەوی و دوكانە نامەشروعانە ، یان ئەو سەهمی كۆمپانیایانەی ڕێژەیەک لە بەرپرسەكان هەیانە دەبێت بكرێنەوە بە موڵكی یەكێتی و جارێكی تر بخرێنەوە خزمەتی خەڵک و كەسوكاری شەهیدان .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان

ژمارە :
ڕۆژ : / / ٢٠٠

é پێکهێنانی لیژنەیەکی بوێرو چاونەترس و خاوەن دەسەڵات بۆ لێپێچینەوە لەهەموو ئەو بەرپرسە کوردانەی تاوانـــــبارن بە بەفیڕۆدان یان دزینی پارەو سەروەت و سامانی میلـلەت و بە ناڕەوا دەوڵەمەند بوون ، جێبەجێ کردنی دروشمی ( ئەمەت چۆن و لەکوێوە دەست کەوتوە ؟ ) .
é پێکهێنـــــــــانی لیژنەیەکی یاسایی- سەربازی بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەموو ئەو جاش و سەرەک جاش و مســــتەشارانەی لە ئەنفالەکاندا دەستیان بە خوێنی خەڵکی کوردستان سوور کردو تاوانەکانیان لەوانەی سەرانی ڕژێم کەمتر نییە ، وە هەندێکیان لەژێر باڵی حزبەکاندا خۆیان حەشار داوەو نابێ بە هیچ جۆرێک بواری دەربازبوونیان بدرێتێ .
é پێکهێنانی لیژنەیەکی یاسایی بۆ هەموو ئەو بەرپرسە کوردانەی لە شاخ بەرگی پێشمەرگەیان لەبەردابوو ، لەشاریش فایلداری بەعس بوون ، کە ئەمە خیانەتێکەو چاوپۆشی کردن لێیان غەدرە لە خوێنی شەهیدان .
é بەجۆرێک خزمەت و خزمەتگوزاری گـــوندو لادێکان بکرێت کە هەموو کەس درک بەوە بکات کە وەفادار بووین بەرامبەریان و بەڵێنەکانی زوومان جێبەجێ کردووە لەگەڵیاندا .

**بەداخەوە . . .**

هەموو ئەو سەروەرییە مەزنانەی ی ن ک دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شاخ و پێش ڕاپەڕین و قۆناغی خەباتی سەخت و ناخۆشی . . . ناشکرێ هەر بەیادی ڕابردووی ئەو سەروەرییانەوە بژین ، پێویســـــتە هەنگاو و ئاوڕی جدی و دڵسۆزانە و بە بەرنامە ، لە میللەت و سەرجەم کۆمەڵانی خەڵک بدەینەوە .

**بە پێچەوانەوە . . .**

پەشیمان بوونەوەی دوایی دادی کەس نادات .

لەگەڵ ڕێزی
سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی باڵا
١ / ٦ / ٢٠٠٧

چاپ/یادگار

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com